# ڕۆستەم باجەڵان.. پرۆژەی (ئەدەبی منداڵان) و هەندێ یادەوەری دی

**ئیسماعیل تەنیا**
**(ئەڵمانیا)**

مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢، چوار ساڵ بەسەر شیعر نووسینمدا تێپەڕیبوو، چەند شیعر و بابەتێکیشم بڵاوکردبووەوە. ئەو کات مانگ نەبوو چەند کتێب و نامیلکەیەکی کوردی تێدا بڵاو نەکرێتەوە، بە تایبەتیش شیعر، شیعرەکانی خۆم لە دەفتەرێکدا نووسیبووەوە، لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی، بە تایبەتیش لە پۆلی دووەم و سێیەم، هاوڕێی هەرە نزیکم (دلێر ئیسماعیل ڕەزا) بوو. ناوبراو کوڕە خەزووری (مەدحەت بێخەو)ی شاعیر بوو، پێشنیاری کرد کە شیعرەکانم بە (مەدحەت بێخەو)ی زاوای پیشان بدەم. هاوینی ساڵی ١٩٨١ ئێوارەیەک لەگەڵ دلێر ئیسماعیل چووینەماڵیان لە گەڕەکی ڕووناکی لە باخچەکەی دانیشتین، هەندێک لە شیعرەکانمی خوێندەوە، بەشێکی کەمی بە دڵ بوو. ڕێنوێنی زۆری کردم، هانی دام زێتر شیعر بخوێنمەوە، هەروەها لەم سەردەمە سەخت و دژوارەدا، گەلێک باسی کورد بوون و کوردایەتی بۆ کردین، ئەوەشی پرسی:

- کۆمەڵە شیعرەکانی منت خوێندووەتەوە؟

- نەخێر، لەبەر ئەوەی لە بازاڕدا دەست ناکەون.

دوای دوو هەفتە، دوو کۆمەڵە شیعری بڵاوکراوەی خۆی، (ڕابەری ژیان- ١٩٦٨)، (ورشەی ئاوات- ١٩٧٣) بە دلێر بۆ ناردم، دیار بوو لە کتێبخانەی (ئامادەیی ڕزگاری کوڕان) خواستبوونی، چونکە مۆری ئەوێی بەسەرەوە بوو. دوای خوێندنەوەیان، بەهەمان ڕێگا کتێبەکانم ناردنەوە، ئەوەندەی نەبرد دلێر بە ماڵەوە چوونە بەغدا. چەند ساڵێک دوای ئەمە لە ڕێگای نامەوە پێوەندیمان هەر هەبوو، ماوەیەک بێ دەنگ بوو، پاش سۆراغ کردن، بۆم دەرکەوت کە سەفەری (لەندەن)ی کردووە. زۆر پێش مەدحەت بێخەو، پێوەندیم لەگەڵ (عەزیزی مەلای ڕەش) هەبوو، ئەو دوو نامیلکەی بۆ منداڵان بڵاوکردبووەوە (پشیلۆکە، شیعر، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی ١٩٧٩- ٤٠ لاپەڕە)، (قولەمەیتەر، چیرۆک، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٨٠- ٣٠ لاپەڕە). شازدە پارچە شیعری خۆم هەڵبژارد و لە دەفتەرێکی شەست لاپەڕەیی هێڵداری قەبارە (ئەی پێنج) نووسییەوە، کەوتمە خولیای چاپکردنیان. لەبەر ئەوەی مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش ئەزموونی چاپکردنی کتێبی هەبوو، ڕێوشوێنی چاپکردنم لێ پرسی. ناوبراو گوتی:

- دەبێت شیعرەکان بە دەستخەتێکی درشتی خۆش و ڕوون بنووسییەوە. بینێریتە بەغدا بۆ دائیرەی (ڕەقابەی گشتیی چاپەمەنی)، تا ئەوان شیعرەکان بدەنە پسپۆڕ (خەبیر)ێک، لەوێ مۆڵەتی چاپکردنی پێ بدەن. وا باشتریشە شیعرەکان بە قەڵەم ڕەنگ، کەرت کەرت (تەقتیع) بکەی، چونکە ئەگەر مۆڵەتی چاپکردنت

لێ کردم. سەربردەی گیرانی خۆی لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێـر بۆ گـێـڕاینەوە ئەو ڕۆژە، یەک دوو ڕۆژ بوو ئازاد کرابوو.

ڕۆسـتـەم باجـەلان شـەو لـە یەکـێـک لە یانەکـانی (مـامـۆسـتـایان)، یان (ئازادی)، دوای خـواردنەوە و مەست بوون و گـەڕانەوە بۆ دنـیـای لێـوانلێـو لە ئازادی، هەقـیـقـەت دەدۆزێـتـەوە، هیچ بەربەست و سـانسـۆڕێـک لەبەردەم خـەیاڵ و ئازادی دەربڕین نابینێت، لەم دنیـا ئازادەوە، لەناو حەشاماتی خەڵکەکەوە، ئەوەی لە هزر و دەروونیـدا هەیە، دێتـە سـەر زمـانی و نایانگێـڕێتـەوە، ئەوەندە جوێن بە ڕژێم و دار و دەستەکانی دەدات، تا کوڵ و کۆی دڵی خۆی دادەمرکێنێت. مـەفـرەزەیەکی دائیـرەی ئەمن دێن و دەسـتـگـیـری دەکـەن. پاش دوو سێ ڕۆژ زیندانی کردن لە دائیـرەی ئەمن، بۆیان دەردەکـەوێت ئەو کـاتـە خـەیاڵ بـووە، ئازادی دەکـەن. ئەوەی من بیـزانم، ناوبراو لەم کـاتـە سـەختـانـەدا، هەڵوێسـتـێـکی تریشی هەبوو، حەز دەکەم هەر لێرەدا باسی بکەم: لە یەکێک لە ژمـارەکـانی گـۆڤـاری بەیان، لەسەرووبەندی هێـرشـەکـانی کـۆمـاری ئیـسلامی (تازە دامـەزراو)، بۆ سـەر خـەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـان، ڕۆسـتـەم باجـەلان شـیـعـرێکی بۆ ئەم گۆڤارە ناردبوو، دیار بوو شـیـعـرەکـە نیـشـتیـمـانی بوو، بەڵام کـەوتبووە ناو مـەلەفی شـیعـری بەرگرییەوە. سەرپەرشتکارانی ئەوکاتی گۆڤاری (بەیان) بەبێ گـەڕانەوە بۆ شـاعـیـر و پرس پێ کـردن و ڕوخـسـەت لێوەرگرتنی، لەژێر ناوونیشانی شیعرەکەدا نووسیبوویان: (پێشکەشە بە شۆڕشگێڕانی کوردسـتـانی ئێـران)، ئەم پێشکەش کردنە هەرچەندە خەوش نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی لێکدانەوەی جیـاواز و هەڵەی بۆ نەکـرێت و شـاعـیـر بە پاڵپـشـتـیکاری سیـاسـەتەکانی ڕژێم لێک نەدرێتـەوە، ڕۆسـتـەم بێبـەری بوونی خـۆی لەم پێـشکـەش کـردنە ڕاگەیاند، ئەگەر هەڵە نەبم ڕوونکردنەوەیەکی لە گۆڤاری (نووسەری کورد)دا بڵاوکردەوە.

دەسـتنووسی (پەردەی شـەرم)ی لێـوەرگـرتم و بردییە بەغـدا و تەسلیـمی (لیـژنەی ڕەقـابەی گـشـتـیـی چاپەمـەنی)ی بەغـدای کـردبوو. لە کـۆتـایی ئەیلوولی ١٩٨٢ لەگەڵ (نەجات هەمزە) بە کاروباری دامەزراندن، چووینە بەغدا، سۆراغی دەستنووسەکەشم کرد، تەنیا یەک شـیـعـریان قـەدەغـە کـردبوو، ئەوانی دی مـۆڵەتی چاپکردنیان دابوون. دەستنووسەکەم وەرگرتەوە، ناردمە



**ڕۆستەم باجەلان**

وەرگـرت و بۆ چاپخـانە ناردتە بەغـدا، کـارمـەندانی چاپخـانە عـەرەبن و کـوردی نازانن. دەبێت وشـەکـان بە قـەڵەمی سـوور لەیەکـتـر جـودا بکرێنەوە، تا دوو وشـە تێکەڵ بە یەکتـر نەکرێن. ئەوکات دەبوو وا بکرێت، بەم پرۆسەیە دەگوترا: (تەقتیع). پرسیم: من ناچمە بەغدا، چۆن بینێرم؟

– ڕۆستەم باجەلان (ڕۆستەم سەلام محەمەد ئەمین)، زوو زوو دەچێتـە بەغدا، بەویدا بینێرە. مـاڵیـشیـان لە بەرانبـەر مـزگـەوتی (ئازادی)یە، سـەلامی منیـشی پێ بگەیەنە.

هەفـتـەیەک دواتر لەگـەڵ (نەجـات هەمـزە حـوسـێن)ی هاوڕێم دەسـتـنووسـەکـەی (پەردەی شـەرم)م هەڵگرت و کاتژمێر نۆی سەرلەبەیانی بە سۆراغ کردن ماڵی (ڕۆستەم باجەلان)مان دۆزییەوە. لە دەرگامان دا دەرگای کردەوە، خۆمم پێناساند. هەر خەواڵوو بوو، دیار بوو تازە لەخەو هەسـتـابوو. ناوبراو یەک دوو مـانگ دەبوو کـۆمـەڵە شـیـعـری: (لەپێناوی تۆدا دەژیم)ی چاپ و بڵاوکـردبووەوە. لەمـەوبەریش، (ژان و دڵداری-١٩٧٧)، (شـاعـیـرێکی تینوو لە پەڕاوی بیـرەوەریدا-١٩٧٨)، (سۆلین، شیعری منداڵان- ١٩٨٠)، (دەریا-١٩٨١)ی بڵاوکـردبووەوە. ئەوانەم خـوێندبووەوە، لە دوورەوە، بە ناو دەمناسی، بە خـەنـدە و ڕوویەکی خۆشەوە، وەک ئەوەی لەمێژ بێت من بناسێ، پێشوازی

چاپخانەی ڕاپەڕین لە سلێمانی، ئەوکات (ئەبوبەکر عەلی ئەحمەد)ی خزمم لە شاری سلێمانی سەرباز بوو، ئەو سەرپەرشتی و سەروکاری چاپکردنی دەکرد، بۆ وێنەی بەرگەکەش هاوڕێی خوێندنم، هونەرمەندی شێوەکار مامۆستا (جەوهەر عومەر محەمەد) وێنەیەکی جوانی بۆ کێشا و دیزاینی بەرگەکەی کرد، کە دوا جار بەرگەکەی ئەو چاپ نەکرا. نامیلکەکە لە دوا قۆناغی تەواو بووندا بوو، کارمەندانی چاپخانەی ڕاپەڕین گوتبوویان: دەبێت بەرگەکە بنێرینە یەکێک لە چاپخانەکانی بەغدا، چونکە پێویستی بە (زەنگوغراف) هەیە کە ئێمە نیمانە.ئەگەر ڕازین ئێمە بەرگێکی خاکەڕای بۆ دەکەین و زوو تەواو دەبێت. منیش پەلەی چاپکردنم بوو، بە پێشنیارەکەی ئەوان ڕازی بووم، بە هیمەتی هەموو لایەک: (عەزیزی مەلای ڕەش، ڕۆستەم باجەلان، ئەبوبەکر عەلی ئەحمەد) (پەردەی شەرم) بە تیراژی دوو هەزار دانە، وەک نۆبەرەی چاپکراوم، لە دووتوێی کتێبۆلکەیەکی (٣٢) لاپەڕەی قەبارە زەنگیانە کتێب (ئەی شەش)، لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٢ لە چاپخانە دەرچوو و کەوتە بازاڕەوە. بە بڵاوکردنەوەی، زۆر دڵخۆش و کەیفساز بووم. دوای ماوەیەکی زۆر (غازی حەسەن) بابەتێکی بە ناوونیشانی: (با ڕازی پەردەی شەرم بپشکنین!!) لەسەر نووسی و لە ژمارە (١٥٨)ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٩ی گۆڤاری (بەیان)دا، بڵاوکردەوە. زێتر لایەنە باشەکانی خستبووە ڕوو. فوئاد سەدیق (فوئاد خۆگر)ی ئەوسا، ئەویش شتێکی لە بارەوە نووسیبوو، بەڵام ئەوەی ئەو، زۆرتر لایەنە نێگەتیڤەکانی دەستنیشان کردبوو. پێش ئەوەی بۆ گۆڤاری (بەیان)ی بنێرێت، لە دوکانی (جەعفەر هاشم خەیات) کە ئەوکات شوێنی بەیەک گەیشتنی دۆست و ڕێکخستنەکانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) بوو، بۆی خوێندمەوە. بەڕاستی سەرنج و بۆچوونی جوان و دروستی دەربڕیبوو. بابەتەکەی نارد، بەڵام بەداخەوە بڵاونەکرایەوە.

دوای ئەوە ڕۆستەم باجەلان بووە یەکێک لە هاوڕێکانم. جارێکیان لە گازینۆی (مەچکۆ) دانیشتبووین، پرسی: بە ئەسڵ خەڵکی کوێندەری؟

– خەڵکی گوندی (گۆمەگروو)ی سەر بە ناحیەی (قوشتەپە)م.

– ئەها، من لە کۆتایی مایسی ساڵی (١٩٦٩) (گۆمەگروو)م بینیوە، ئەوکات من کادیرێکی باڵی مەکتەبی سیاسی (جەلالی) بووم، بیرت دێت (چالاک)ی هاوڕێمان، نیوەڕۆکەی تفەنگی برد و پێوەندی بە پێشمەرگە و پارتییەوە کرد؟

ڕۆستەم باجەلان هەرچەندە تەمەنی بەرەو هەڵکشان دەچوو، بەڵام هێشتا ژیانی هاوسەرگیری پێکەوە نەنابوو، بە تەواوی خۆی بۆ شیعر و ئەدەبیات تەرخان کردبوو، لەپاڵ ئەوەشدا مامۆستا بوو و شیعری منداڵانیشی دەنووسی. کۆنتاکی ڕۆژانەی لەگەڵ منداڵاندا هەبوو، ناوە ناوە کۆڕی بۆ منداڵە بەهرەمەندەکان سازدەکرد، هانی دەدان کتێب بخوێننەوە و شیعر بنووسن، کتێبی منداڵانی بەسەردا دابەش دەکردن، هەوڵی دەدا لە دنیای خوێندنەوە و ئەدەب نزیکیان بکاتەوە. فێری چوونە سەر مینبەر و مایکرۆفۆن گرتنە دەست و وتاربێژی و شەرم شکاندنی دەکردن. ئەوکات لەم بوارەدا ڕۆستەم باجەلان یەکێک بوو لەو کەسایەتییە پەروەردەییە ناو بەدەرەوەبووانەی هەولێر. یەکێک بوو لە هاندەر و پشتیوانە دیارەکانی منداڵان و نزیک کردنەوەیان لە جیهانی خوێندنەوەوە.

لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٤)، لەبەر ئەوەی ئەوکات گۆڤارێکی کوردی تایبەت بە منداڵان نەبوو، پێشنیاری پرۆژەی (ئەدەبی منداڵان)ی کرد، هەر خۆشی داینەمۆی سەرەکی پرۆژەکە بوو. کۆمەڵێک شیعر و چیرۆکی منداڵانی کۆکردەوە و بردییە بەغدا و مۆڵەتی چاپکردنی



له (ڕەقابەی گشتی چاپەمەنی) وەرگرت. بەرگ، یان ژمـاره (١)ی له مـانگی کـانوونی دووەمی سـاڵی (١٩٨٥)، به تیـراژی دوو هەزار دانه له چاپخـانەی هەولێر (کـوردسـتـان)ی جارانی گـیـو مـوکریانی چاپ و بڵاوکـرایەوە. بەشـدارانی یەکـەم ژمـاره بریتی بوون له: (ڕۆسـتـەم باجـەڵان، نەجـات ڕەفـیق حـیلمی، پیـرباڵ مەحـموود، ئیـسماعیل تەنیا، سەلاح سەلیم سەیدۆک، خـالید شـەیدا، فـەیسـەڵ دێهـاتی)، ئەم ژمـارەیه لەسـەر ئەرکی ئەوان چاپ کرا. (عـەبدولغـەنی عـەلی یەحیا) له یەکێک له ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ألعراق)ی عـەرەبی له لاپەڕەی (الثـقـافـة ألكردية) لەسـەری نووسی، ئەو بەشـدارانەی به دامـەزرێنەری پرۆژەکـه وەسف کـردبوو. دوای ئەویش (سەعـید زەنگەنە) له بەرنامەی (ئەدەب و هونەر) له تەلەڤزیۆنی کەرکووک ڕانانێکی باشی کردبوو.

له نەورۆزی سـاڵی (١٩٩٠)دا ویسـتـم ژمـاره دوو ئامـاده بکەم، بۆ ئەم مـەبەسـته پێوەندیم به نووسـەرانەوە کـرد، بەتایبـەتیش ئەوانەی زێتـر بۆ منداڵان دەنووسن، دوای مـاوەیەکی کـەم نۆزده بابەتم له هەمـوو نـاوچەکـانی کـوردسـتـانەوە بۆ هات، دووباره هەمـوویم به خـەتێکی جوان نووسییـەوە، به (٥٦) لاپەڕەی قەباره فـۆلسکاب ناردمـه (کـۆڕی زانیـاری عـێـراق- دەسـتـەی کـورد)، به مەبەستی پیاچوونەوەی لەڕووی زمانەوە که پێیان دەگوت (السـلامـة اللغـوية)، دوای ئەمـه نـاردمـانه (ڕیـقـابەی گشتی چاپەمەنی)، پاش دوو مانگ چاوەڕوانی، لەوێش




دەرچوو. (سـەعـدوڵڵا شـێـخـانی) ئەوکـات پرۆژەیەکی هەبوو، کـتێبی بۆ خـەڵکی چاپ دەکـرد، نازانم قـازانجی دەکرد، یان نا؟! دەستنووسی ژماره دوومـان دایه ناوبراو به نیازی چاپکردن، لەسەر بەرگەکەی نووسیبووم: ئەدەبی منداڵان، کـۆمـەڵە بەرهەمـێکی ئەدەبییـە بۆ منداڵان، بەسەرپەرشتی: ئیسماعیل تەنیا، ژماره (٢)، نیسانی ١٩٩٠، هەولێر.

ناوەرۆکی ژماره دوو بریتی بوون لەم بابەتانه:

- بەردەوام بوون، چیـرۆک هیـوا عـەولا غـەفـوور، (بەداخـەوە له کـاتی هاتنەوەی ڕژێم بۆ هەولێـر له ١٣/٣/١٩٩١، شـەهـید بوو. پێـشـتـر له ڕۆژنامـەی هاوکاری چەند شیعرێکی بۆ منداڵان، بڵاوکردبووەوە)، خەڵکی گەڕەکی (کوران) بوو.
- هونەر و پەپووله ڕەنگینەکـه، چیـرۆک، خـالیـد عوسمان تەها.
- سوود وەرگرتن، چیرۆک، دایکی ڤیان.
- مەریوان و دار پرتەقاڵ، چیرۆک، غازی حەسەن.
- چونا ڕوڤی بۆ حەجێ، چیرۆک، حەسەن کوخی.
- مام هۆمەر، چیرۆکی فۆلکلۆری، ئاواز دزەیی.
- گـرنگتـرین کـارێک کـه دەبێ ئەنجـامی بدەیت، چیرۆک، وەرگێڕان له فارسییەوە: هیمداد حوسێن.
- مام کەروێشک و مام گورگ، چیرۆک، وەرگێڕان له ئینگلیزییەوە: بەیان محەمەد کەریم.
- بۆق و مـار، چیـرۆک، وەرگـێـڕان له عـەرەبییـەوە: ئیسماعیل تەنیا.
- هەورۆکه و مناڵ، شیعر، ڕۆستەم باجەڵان.
- ئاواتی من، قەڵەم، شیعر، جەزا عەلی ئەمین.
- ساڵی نوێی خوێندن، شیعر، ئیسماعیل تەنیا.
- جەژنی نەورۆز، سـمـۆره، شـیـعـر، عـەبدولا سـاڵح شارباژێڕی.
- چرای زانست، شـیـعـر، نەجم خـالیـد نەجـمـەددین (نەجم ئەڵوەنی).
- پێنووس، شیعر، شۆڕش محەمەد عەلی.
- گوڵە جوان، شیعر، مەحموود خەسرەو کاوانی.
- ڕاوه کەو، شیعر، ساڵح محەمەد کلێسەیی.
- پشیله زەرده، شیعر، لەتیف عوسمان ئاسۆ.

پێشەکییەکیشم بۆ نووسیبوو، که ژماره دوو چاپ کرا، سـەعـدوڵڵا شـێـخـانی به ئارەزووی خـۆی دەسـتـکاری کـردبوو، پێـشـەکـیـیـەکـەی لادابوو. ناوی منی وەک

سەرپەرشتیار لەسەر بەرگەکەی هەڵگرتبوو. هەندێک بابەتی لێ دەرهێنابوو، لەجیاتی ئەوە هەندێک بابەتی تری دانابوو کە پێوەندییان بە پرۆژەکەی ئێمەوە نەبوو، ئەوانە زیتر لێکۆڵینەوە بوون. لەبەر ئەوەی ئەهلی کارەکە نەبوو، بە نەشارەزایی ئەم بابەتانەی دانابوو. دوای تێپەڕبوونی (٢٧) ساڵ بەسەر ئەم پرۆژەیەدا بۆ مێژوو، پێشەکییە لادراوەکە بڵاو دەکەمەوە:

**وتەیەکی پێویست**

**خوێنەرانی هێژا**

* ئەم کۆمەڵە شیعر و چیرۆکەی دەیخوێنیتەوە، زادەی بیری چەند نووسەرێکن، هەڵبەتە هەموویان لەیەک ئاستی ڕۆشنبیریدا نین، هەندێکیان دیارن و خاوەنی چەند کتێبێکی چاپکراون. هەشیانە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، چەند بەرهەمێکیان بڵاوکردووەتەوە. هەر بەو پێودانگەش، هەموو بابەتەکان، لەیەک ئاستدا نین. هەر نووسەرێکیش بەرپرسیارە لە بابەتەکەی خۆی.

* هەقتانە بپرسن و بڵێن: ئەم پرۆژەیە چۆن هاتە ئاراوە؟ لەوەڵامی ئێوەدا دەڵێین: لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٥)دا، چەند نووسەرێک لە شاری هەولێر پێشنیاریان کرد کە کۆمەڵە شیعر و چیرۆکێک بۆ منداڵان بەناوی (ئەدەبی منداڵان) چاپ بکەن، پێشنیارەکە جێبەجێ بوو. یەکەم ژمارەی لێ چاپ کرا.

* بەشدارانی یەکەم ژمارە نووسەران: (ڕۆستەم باجەڵان، نەجات ڕەفیق حیلمی، پیربال مەحموود، ئیسماعیل تەنیا، سەلاح سەلیم سەیدۆک، خالید شەیدا، فەیسەڵ دێهاتی) بە دامەزرێنەری بەردی بناغەی ئەم پرۆژەیە دادەنرێن و (ڕۆستەم باجەڵان)یش لە پێشنیار کردن و ئەنجامدانی ئەم کارە، هەر لە قۆناغی ئاوڵەمەییەوە تا کامل بوون، ڕۆڵێکی تەواو دیاری هەبوو.

* ئەم کارەی ئێمە یەکەم هەوڵی هەرەوەزیانەیە لە بواری (ئەدەبی منداڵان)دا، پێش ئێمە هیچ کەسێک ئەم کارەی وا فراوانی لەڕووی چەندایەتی و ژمارەی نووسەرانەوە ئەنجام نەداوە.

* دوو سێ مانگ پاش دەرچوونی ژمارە یەک، گەنجێکی تولاز کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی پرۆژەکە، ویستی ژمارە دوو دەربکات، بۆ ئەم مەبەستە نووسەران بە دەنگییەوە هاتن و بابەتیان بۆ ئامادە کرد. هەر خۆشم پرۆژەکەم بۆ نووسییەوەو هەر بەشداریکیش بەپێی توانایی و داوای چاپخانە، پارەیان کۆکردەوەو دایانە دەست برای نووسەرو ئەو هەقەشیان پێ ڕەوا دیت کە لەسەر بەرگی یەکەمی ژمارەکە وشەی (بە سەرپەرشتی:.....) بنووسێت، بەڵام هەوڵەکە پاش دابینکردنی بەشێکی زۆری پێویستییەکانی چاپخانە، لەبار چوو و بە دیداری ئێوەی بەڕێز شاد نەبوو.

* پاش تێپەڕبوونی زیتر لە پێنج ساڵ و چەند مانگێک بەسەر چاپ بوونی یەکەم ژمارە، بیرم لە دەرکردنی ژمارە دوو کردەوە. لە ڕۆژی ١٩٩٠/٣/٩ لە گازینۆی (مەچکۆ) پێشنیارەکەی خۆم بە (ڕۆستەم باجەڵان) گەیاند، بە سیفەتی ئەوەی کە لە ژمارە یەکدا ڕۆڵێکی باشی هەبوو، سەرەدەریش لە ئەدەبی منداڵان دەردەکات، ئەویش زۆر بە پەسەندی زانی و ئیدی پاش ئەوە نووسەرانی ترمان تێگەیاند کە نیازی پرۆژەیەکی وامان بە دەستەوەیە. پاش مانگ و نیوێک، کۆمەڵێک بابەتمان لە نووسەرانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کۆیە بۆ هات و بە ژمارە (٢) ڕاگەیشتن.

* نەبوونی گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵانی کورد، یەکەم هاندەرمان بوو بۆ ئەم پرۆژەیە. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا پرۆژەی هاوبەش لە بوارەکانی شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە و فۆلکلۆردا کراون و چاپیش کراون، بەڵام لەم بوارەدا بەو فراوانییە ئەمە یەکەمین هەوڵە و نیازی بەردەوام بوونیشمان هەیە. بۆ مەسەلەی چاپکردنیش هەر نووسەرەو بە پێی توانایی خۆی ئەرکی چاپکردنی کێشاوە. ئەوەی کە ماویشە لە نیوەی زێترە، برای فۆلکلۆر پەروەر (سەعدوڵڵا شێخانی) تەواوی کرد و خۆیشی سەرپەرشتی چاپی کرد، ئێمەش ئەم هەقەمان پێ دا کە لەسەر بەرگەکەی بنوسێت: (لە بڵاوکراوەکانی سەعدوڵڵا شێخانی)یە.

* ئەم ژمارەیە بریتییە لە شیعر، چیرۆکی خۆماڵی و فۆلکلۆری، چیرۆکی وەرگێڕدراوە لە زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی. لە کۆتاییدا داوا لە خوێنەر و نووسەران دەکەین هاریکاریمان لەگەڵدا بکەن و بە ڕەخنە و بۆچوون و پێشنیاری بەجێ پرۆژەکە دەوڵەمەند بکەن، لە پێناوی بەردەوام بوون و بەرەوپێش چوونی زێتر.

ئیسماعیل تەنیا

هەولێر- (١٩٩٠/٥/٥)

دوای بڵاوبوونەوەی ژمارە دوو، بابەتێکی ڕەخنە ئامێزم لەسەر نووسی، بەڵام بارودۆخ گۆڕاو بڵاونەکرایەوە.